لەئەنجامی بەمبارانی فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا لە سنووری ناحیەی دینارتەی دهۆک پیاو و ئافرەتێک شەهید بوون



پشنیوەی ئەم دووشەمە، لەئەنجامی بەمبارانی فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا لە سنووری ناحیەی دینارتە، پیاو و ئافرەتێک شەهید بوون.

بەمبارانەکەی فڕۆکەکانی تورکیا بە دیاریکراوی لە گوندی شەهە بووە و ئەو دوو کەسەی شەهیدبوون، خەڵکی گوندی "بامشمش"ـن لەسنووری قەزای ئاکرێ و ئاژەدار بوون.

ئەو پیاوەی شەهیدبووە ناوی جەعفەر جەلالە و تەمەنی 58 ساڵە، ئافرەتەکەش تینا محەممەد و تەمەنی 48 ساڵە.

هەر ئەم دووشەمە، لە چوارقورنە چوار کەس بەهۆی بەردوومانی فڕۆکەوانی تورکیا گیانیان لەدەستدا. لە کاتژمێر 3ـی دوانیوەی ئەم دووشەمە، فڕۆکەی بەفڕۆکەوانەکانی تورکیا، ئۆتۆمبێلێکی جۆری تۆیۆتا لاندکروزەر لەسەر ڕێگای سەرەکی گوندی گردجان لە ناحیەی چوارقوڕنەی سەر بە ئیدارەی ژاپێین بە ئامانجگرت و لە ئەنجامی ئەو بەردوومانەدا، چوار کەس گیانیان لەدەستدا و کەسێکی تریش بەسەختی بریندارببوو.

لەکاتێکدا نە حکومەت و نە هیچ لایەنێکی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدانەی ئەو هێرشانەی نەکردووە کە بووە هۆی شەهیدبوونی 5 هاونشتیمانی و بریندارببوونی کەسێکی تر، جگە لە زیانی

ماددی و بۆزاندنی سنوور لەلایەن تورکیاوە.